# بووکەبەبارانە



هەر ساڵێک باران دوا بکەوێت و وەختی باران و پەڵە بەسەر بچێت لە ناو کوردەواریدا، بووکەبەبارانی دەکرێت. بووکەبەبارانی ئەوەیە کە منداڵان دارێکی درێژ دێنن و دەست و سەری بۆ دەکەن. پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگی لێ دەهاڵێنن و هەڵیدەگرن و بەماڵاندا دەیسووڕێننەوە.

کە چوونە بەر دەمی هەر ماڵێک کابانی ئەو ماڵە لە سەرەوە کووندەیەک یان گۆزەیەک ئاو بە سەر بووکەبەبارانەکەدا دەکات و شتێکیش لە پارە، گوێز، مێوژ، گەنم و جۆ بە منداڵەکان دەدات. پاشان دەرزیەکیش لە بووکەبەبارانەکە دەدات بە هیوای ئەوەی کە داخوازی خەڵکەکە بێتە جێ و باران ببارێت. ئەم منداڵانە گەڕەک بە گەڕەک و ماڵ بە ماڵ دەگەڕێن. لەو ماوەیەدا بووکەبەبارانەکە بەتەواوی لە ئاو هەڵدەکێشرێت. خەڵکەکە بە دەم گەڕان و لێدانی دەرگای ماڵەکانەوە ئەم بەستانە دەڵێنەوە:

بووکە بە بارانێ

ئاوی بن دەغلانێ

سەعاتی جارانێ

❊ ❊ ❊

هەیاران و مەیاران

یاخوا داکاتە باران

بۆ فەقیر و هەژاران


Copyright © Kurdi.fi

## ❊ ڕاڤە و لێکدانەوەی وشەکان

- واتە: یانی.
- هیوا: هێڤی.
- داخوازی: ئاوات.
- گەڕەک: تاخ، ناوچە
- دەڵێن: دبێژن.

---

## ❊ پرسیار

1. بووکەبەبارانە چیە؟ ..........

..........

..........

2. لە چ کاتێکدا بووکەبەبارانە دەکرێت؟ ..........

..........

..........

3. کە منداڵان چوونە بەر دەرگای هەر ماڵێک، کابانی ئەو ماڵە چی دەکات؟ ..........

..........

..........

4. منداڵان چ بەستەیەک بە سەر بووکەبەبارانەکەدا هەڵدەڵێن؟ ..........

..........

..........

..........

5. ئەگەر باران لە کوردستان نەبارێت چی دەبێت؟ ..........

..........

..........

..........

..........



Copyright © Kurdi.fi

❊ هەرکام لەم وشانەی خوارەوە بخە ناو ڕستەیەکەوە:

باران ..............................................................................................

ماڵ ..............................................................................................

کابان ..............................................................................................

کات ..............................................................................................

گەڕەک ..............................................................................................

هیوا ..............................................................................................

گەنموجۆ ..............................................................................................

دەرزی ..............................................................................................

خەڵک ..............................................................................................

ئاو ..............................................................................................

گۆزە ..............................................................................................

هیوا ..............................................................................................

---

❊ وشەکانی خوارەوە وەکوو نموونەکە لێ بکە:

- ماڵان ← بە ماڵانەوە
- شاران ←
- داران ←
- گوڵان ←
- منداڵان ←




Copyright © Kurdi.fi